KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-6-2007 19:54

بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707/3/23

## بۆچی کورد هەمیشە شاری چۆڵ کردوە و بەرەو شاخ ڕۆیوە؟ ... ح. س. سۆران

کاتێک بە وردی و بێ لایەنانە دەڕوانینە لاپەڕەی پەڕتووکە دێرینە مێژووییەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە وەک جموجووڵێکی حەشیمەتناسی (دیمۆگرافیک)، کورد هەمیشە لە ڕەوڕەوەی شەقوشڕی مێژودا، بە چەشنی گشتی، بنەوەشت و شێلگیر، شار و پێدەشتیەکانیان بەجێ هێشتوە، ڕوی لە شاخ و داخ و کوێستانەکان کردوە و ڕەنگە ئەم خێڵەوژوورە نگریسە، ئێستاش هەر بە چەشنێک درێژەی ببێ. هۆنەر دەفەرموێ:"کۆچی پارم کۆچی سوورە، بەهەرە خێل سەرەو ژوورە ".

بۆ وێنە، شارگەلی بە پیت و ئاوەدانی بناو (قەراغ ئاو)، هەشتە ڕۆ (هەشت چەم)، خوی (خوێ)، مەلکەنی (سوێنەی قورین)، دوئاوان (میاندواو)، ڕەزاییە (ورمێ) و دەیان شارای دیکە، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان زێدی ڕەسەنی کورد بوون، بەلام ئێستا پێمان خۆش بێ یا ناخۆش، بیلامانێ بە شاری تورک دەناسرێن و ئەگەر کوردیشیان لێبیە، وەک کەمایەتی تێیان دەڕوانن!!!.

دەبێ ئەمە بزانین کە ئەو شارانەی سەرەوە و زۆر شارگەلی دیکە لە کوردستانی گەورە، کە لە پێشدا زێدی کورد بوون و ئێستا لە دەست چوون، چاکترین باغ، زەوی و زار، کانیاو و بەربوومی کشتوکاڵیان هەیە، کانگەی گرنگی ئابووری و پیشەسازین و وەک بەهەشتی سەر زەوی وان.

تەنانەت پارچەی پێنجەمی کوردستان، کەوتە نێو سێ گۆشەی بێرمووداى ئەرمەنستانەوە و بە وتنی ڕستەی " چوار پارچەی کورستان"، خەریکین بە جارێ لەبیری دەبەینەوە.

نەتەوە ناکوردەکان، کە جیرانمان بوون، لە درێژایی مێژودا بە پاڵەپەستێ، هەی چەک، دروست کردنی بێکاری و گوشاری جۆر بە جۆر، کوردیان ڕاوناوە بەرەو شاخ و داخ و زەرد و هەڵەموتی وا، کە بزنیشیان لێ ناژی. بۆ وێنە کوردە پەڕەوازەکانی ئەو دەڤەرانەی سەرەوە، ڕویان کردوەتە دەوروبەری کوێستانی زمزیران، کەژەکانی ئالانی سەردەشت، کێوپارەکانی ماین بلاغی پشت ناوچەی حەوت شار (نەک هەوشار)، مۆغەرە پشتی زنجیرە کێوی زاگرۆس و تەنانەت ناوچەی هەورامان - بۆ لای هاوخوێن گەلی ڕەبەنی خۆیان کە لە بەرە بەیانی مێژوی نووسراوەوە، لەوێ ژیاون.

### هۆی ئەم کۆچانە چی بوە؟

هەروەک دەزانین، نەک هەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تەنانەت لە گشت دەڤەرەکانی کوردستانی مەزن، لە نزیکەی نیو هەزارەی پێشەوە، دەستەلاتی ڕژد بە دەست کوردەوە نەبوە و داگیرکەران لەو کۆچبەریەدا، شوێنێکی گرنگیان داناوە، تەنانەت زۆرمان دەزانین کە بنەماڵەی سەفەوی کوردەکانی ناوچەی خوراسانیان جۆن و لە کوێوە بردوە بۆ ئەوێ، کە بە وردی برای خزمەتگوزار و دلسۆزمان، ماموەستا کەلیموڵلا تەوەحدودی، لە کتێبەکانی دا ئەو باسەی نوسیویە، بڕواننە " حەرەکەتی تاریخی کورد بۆ خۆراسان" ؛ یا گوێزانەوەی زۆرەکی برێک لە کوردەکان بۆ ناوچەی کوێستانی ئەلەمووت (هەڵەمووت)، لە قەزوێن و زۆر جێگەی دیکە، تەنانەت خۆمان لە بیرمانە، چۆن سەدام کوردەکانی لە کەرکووک و... ڕاو دەنا، یا ئێستاش لە پێنج پارچەی کوردستان، دو لە ڕۆی ئێوە، وەک گەزۆک ئیمشیمان لێ دەدەن و بە چەشنی ناڕاستەوخۆ، ڕاومان دەنێن بۆ تاراوگەکانی دەرەوە. دەنا ئەگەر مرۆڤ بە ویستی خۆی بێ و زۆری بۆ نەیە، کەی دەیەوێ زێدی باو و باپیری خۆی بەجێ بهێڵێ و بتارێ بۆ هەندەران؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
17-6-2007 19:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هۆیەکی دیکە ئەوە بوە، کورد هێندە شەرافەتمەندە و ئەوندە لە تێک شکان بێزارە، بۆ پاراستنی گیانی خۆی و بنەماڵەی و لە مەترسی ئەوەی شکست نەخوا، خۆی خۆی شکاندوە، و لە تاو زەبر و زەنگی دەستەڵاتدارانی زۆردار، کە زۆر لە کورد بە هێز تر بوون و خاووەنی چەک و سپای زەمەن، رویان لە کێو پارەکان و ناوچە کوێستانە کان کردوە و شار و نەرمانە کانیان بەجێ هێشتوە. دەڵێن زۆر کەس لە ترسی مردن، دەمرن!!!

ئەم باسە زۆر کەس بیستویە، کە گۆیا زۆر ساڵ لەمەو بەر، کەسێک هاتوەتە مەحکەمەی (نووسینگەی) قازیەکان لە مەهاباد وتویەتی: "هاواڵیکی ناخۆشم پێیە، بەداخەوە دەڵێن چەند ماڵباتی ناکورد، ماڵیان هاتوەتە ورمێ!!!". کەچی، ئێستا زۆری وا هەیە ورمێ، بە شاری تورک دادەنێ!!!.

رەنگە کوردی واش بووبن، بۆ ئاژەڵداری و بە دوای لەوڕگە دا، ئەم کۆچە یان کردبێ. چون بەداخەوە، زوربەی کورد لە پیشەسازی و بازرگانی و شتی وا نەبان وەڕەس بوون و ژیانی شاریان پێ، ژار بوە.

خەسار و باری نەرێی (مانفی) ئەم رەوشتە چی بوە؟

لەدەست دانی شار و ناوەندە شارستانیەکان، دۆڕاندنی ژیانی رامیاری، بازرگانی و ئابووری، بە هۆی لەدەست دانی شارە زلەکان، زەویە باشە کان و دەیان شتی دیکەوە. بەچەشنیك، کە ساڵی 1988، ئەز بەینێک لە پەرتووکخانەی (پرات) لە شاری باڵتیمۆری ئامریکا، کتێبێکی زانستێ گشتی (مەعلووماتی عموومی) م خوێندەوە، کە نووسیبوی: " کورد گەلێکی کۆچەرن و لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەژین!!! ". بە وتەی مامە شێخ رەزا " ئەفاکەڵڵا حەمەی وەستا فەتاح... "

قسە هەزارە و دوانی بە کارە:

وەرن با بە هەر لەونێک بێ، لەتە رستەی " کوردی بردە " لە چاڵ بنێین و ئەو رەوتەی سەرەوە، ئاوەژو بکەینەوە. من دەڵێم: زێد سامانی واتاییە، سامانی واتاییش شەرەفی مرۆڤە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.